www.kurdistannet.org
22-11-2005 19:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**حوکمدانی رابەرانی کرێکاری شاری سەقز بەتوندی مەحکوم دەکەین ... یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق**

دوای ساڵ و نیوێك لەهێنان و بردن و دواخستن و خۆپارێزی، سەرەنجام کۆماری دژی کرێکاری ئیسلامی ئێران دادگایی رابەرانی مەراسیمی 1ی ئایاری ساڵی 2004ی شاری سەقزی بەرێوەبرد.
لەبەرواری 9-11-2005 مەحمودی ساڵحی و جەلالی حوسێنی و هادی تەنومەند و ئیسماعیلی خۆدکام 4کەس لە رابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری شاری سەقز، دادگایی کران و لەلایەن پارێزەرەکانیانەوە حوکمی دادگایان پێراگەیەنرا، کە بریتی بوو لە:5 سال زیندان و 3 سال دوورخستنەوەی مەحمودی سالحی بە تۆمەتی کۆبونەوەی نایاسایی و شێواندنی بیرورای گشتی. وە 3 سال زیندانی جەلال حۆسێنی بە تۆمەتی کۆبونەوەی نایاسایی. بەڵام هادی تەنومەند و ئیسماعیلی خۆدکام لە تەواوی ئەو تۆمەتانەی کە خرابوە پالیان بێتاوان دەرچوون.
هەروەها دادگا نەیتوانی تۆمەتی لایەنگری لە کۆمەڵە بە سەر ئەم هەڵسوڕاوانەدا ساغبکاتەوە کە ماوەی ساڵ و نیوێکە هەوڵی بۆدەدات.
سەبارەت بە"موحسینی حەکیمی و موحەمەدی عەبدی پورو بورهانی دیوارگەر" کە3کەسیتر لەدەستگیرکراوەکانی 1ی ئایاری شاری سەقزبوون و لەرۆژی 2005/11/22 دا دادگایی کران، هەریەکەیان بە 2 سال زیندانی مەحکوم کراون.
ئێمە ئەم دادگایەکردنە بەناڕەوا دەزانین و بە توندی ئیدانەی دەکەین و داوا دەکەین کۆماری ئیسلامی ئێران لەو بڕیارەی پاشگەز بێتەوە کە دەرهەق بەو هەڵسوڕاوانەی بزووتنەوەی کرێکاری لە رۆژی جیهانی خۆیاندا، داویەتی.
ئەم دادگاییکردنە بەتەواوی پێشێلکردنی ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی و ئازادی چالاکی چینی کرێکارە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا و مەبەست لە دەرکردنی ئەو حوکمانە چاوترسێنکردنی رابەرانی کرێکارییە بۆ پاشەکشە پێکردنی بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری کە لەم چەندساڵەی دواییدا پێی ناوەتە قۆناغێکی باڵاترەوە.
ئێمە پێمانوایە ئەو گیراوانە گیراوی سیاسین و لەئاکامی توندبوونەوەی شەڕی سیاسی نێوان دەسەڵاتی نەخوازراوی ئێران و خەلکی ئازادیخوازو خەباتکاری ئەو وڵاتە و قوڵبوونەوەی ناکۆکیەکانی نێوانیان دادگاییکراون و حوکمیان بەسەردا دراوە، تا لەم رێگایەوە درێژە بە یاساغکردنی مانگرتن و کۆبوونەوە و هەڵسوڕانی ئاشکراو ئازادانەی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز بدات کە لەسەرەتای هاتنە سەرکاریەوە کۆماری ئیسلامی پەیڕەوی دەکات.
بۆیە ئێمە هاوکات لەگەڵ پشتیوانی تەواوی خۆمان لە بزووتنەوەی کرێکاری و ئازادیخوازی ئێران و خەبات و تێکۆشان و داخوازیە رەواکانی ئەو هەڵسوراوانە، داوامان لەرێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و سەندیکا کرێکاریەکان هەیە ئەو دادگاییکردنە مەحکوم بکەن و گوشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئازادکردنی دەسبەجێیان.
لە ناوخۆی ئێرانیشدا خەبات و تێکۆشانی ئازادیخوازانە و رێکخراوبوونی جەماوەری و کرێکاری درێژە و پەرەیان پێبدرێت، بۆ پاشەکشەکردن بەو هەوڵە سەرکوتگەرانەیەی کۆماری ئیسلامی و داسەپاندنی ئازادی بێ قەید و مەرجی کۆبوونەوە و مانگرتن و هەڵسورانی سیاسی و جەماوەری.

یەکێتی کۆمۆنیستەکان لەعێراق
کۆمیتەی ناوەندی
2005/11/17